# هەندێ لە سیفاتی بڕواداران لە قورئانی پیرۆزدا

نوسینی: اشرف عبدالمقصود
وەرگێڕانی: ئەندازیار: صلاح فائق

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

خوێنەرە بەڕێزەکان ئەم باسەی کە پێشکەشت دەکرێت بریتیە لە هەندێ سیفاتی ئیماندار کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بۆی باسکردوین تا ببێتە نمونە بۆ ئێمەی ئیماندار کە هیوامان گەیشتنە بە خوای گەورەو بەهەشتی بەرین، کە ئیماندار ئەو کەسەیە کە خوای گەورە ڕێزی لێناوە لە کاتی ژیان و مردنیدا جنێو پێدانی بە فیسق و شەڕ کردن لەگەڵیدا بە کوفر داناوە، ئەو کەسەیە کە خوای گەورە دەموچاوی بە ڕۆشنایی باوەڕ ڕازاندۆتەوە وئیمانی لە دڵدا جێگر کردوە و هەموو کاتێ یارمەتی دەدات، هیوادارم ئێمەش بەم سیفەتانە خۆمان بڕازێنینەوە هەر وەك چۆن پێشینانی ئێمە خۆیانیان پێ ڕازاندبوەوە، هەندێك لەو سیفەتانەش کە خوای گەورە وەسفی ئیماندارانی پێ دەکات:-

<u>١- ئیماندار گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ پێش هەموو شتێ دەخات:</u>

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [الأنفال: ١].

واتە: گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بکەن ئەگەر ئێوە ئیماندارن، هەروەها دەفەرموێت:

﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾

[النور: ٥١]٠

واتە: قسەی ئیماندار کاتێك بانگ دەکرێن بۆلای خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ کەحوکم وبڕیار لەنێوانیاندا بدەن تەنها ئەوەیە کەدەڵێن بیستمان و گوێڕایەڵی دەکەین هەر ئەوانەش سەرفرازن.

ئیمامی (عطا)لە تەفسیری ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ دەفەرموێت: ( گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بریتیە لە شوێنکەوتنی قورئان و سونەت)(١) .

**٢–ئیماندار ڕازی بوونی خوای گەورە پێش ڕازی بوونی هەموو شتێ دەخات:**

خودای گەورە دەفەرمویت:

﴿وَاللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَقُّ أَنْ يُرْضُوهُ إِنْ كَانُوا مُؤْمِنِينَ﴾ [توبة: ٦٢].

واتە: خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ شیاوترن بەوەی کە ڕازیان بکەن لە چاو خەڵکیدا ئەگەر ئێوە ئیماندرن.

پیغەمبەریش ﷺ لە فەرمودەیەکدا دەفەرمویت:

**(من أرضى النا س بسخط الله وكله الله الى الناس، ومن أسخط الناس برضا الله كفاه الله مؤنة الناس)(٢).**

واتە: هەرکەسێك بە ڕەنجادنی پەروەردگار خەڵکی ڕازی کرد ئەوا خوا لە ڕۆژی دوایدا ڕەوانەی خەڵکی دەکات، هەر کەسێکیش خەڵکی ڕەنجاند بە ڕازی کردنی خوا لە خۆی ئەوا خوا خەڵکیشی لێ ڕازی دەکات .

کەواتە ئیماندار بەردەوام کارو پیشەی بەو شێوەیەیە لە هەموو کارو فرمانێکیدا کە دەیکات سەیری ڕازی بوونی خوای گەورە دەکات، هیچ کارێك ناکات هەتاکو دەزانێ لەگەڵ شەرعدا دەگونجێ یان نا، هەموو ئامانجی هەوڵەکانی بۆ ئەو مەبەستەیە ئەویش بۆ تەواو ڕێز لێگرتنی خوای گەورە لە ئیماندران و خستنە بەهەشت و دوور خستنەوەیان لە سزاو توڕە بوونی خۆی.

**٣– ئیماندار تەنها لە خودا دەترسێ جگە لەو لە کەسی تر ناترسێ:**

خودای گەورە دەفەرموێ:

(١) (جامع بيان العلم: ص٣١٨) .

(٢) (صحيح الجامع الصغير : ٦٠١٠، وتخريج ا لطحاوية: ٣٠٤).

﴿أَتَخْشَوْنَهُمْ فَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَوْهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [التوبة:١٣].

واتە: ئایا لە خەڵکی دەترسن لە کاتێکدا خودای گەورە شیاوترە لێی بترسن ئەگەر ئێوە ئیماندارن .

هەروەها دەفەرمێت:

﴿فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران: ١٧٥].

واتە: لە ئەوان مەترسن لە من بترسن ئەگەر ئێوە ئیماندارن.

(فضیل بن عیاض) دەفەرموی:

( هەر کەسێك لە خودا بترسێت هیچ زیانی پێناگەیەنێت، وە هەر یەکێك جگە لە خوا بترسێت هیچ سودی پێناگەیەنێت)[٣]،

(ابن تیمیە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (ترس لە دروست کراوێك بریتییە لە نەخۆشییەك تیایدا وەکو نەخۆشی شیرك و تاوان)[٤] .

بەڵام ئیمانداران جگە لە خوا لەهیچی تر ناترسن.

<u>٤-ئیماندار لەژیانی دونیادا لەنیوان ترس و ئومێد دایە:</u>

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَةَ اللَّهِ﴾ [ البقرة: ٢١٨] .

واتە: ئەوانەی ئیماندارن و کۆچ و جیهاد دەکەن لە پێناوی خوادا ئەوانە ئومێدی میهرەبانی خوا دەکەن .

هەروەها دەفەرموێت:

﴿إِنَّ الَّذِينَ هُمْ مِنْ خَشْيَةِ رَبِّهِمْ مُشْفِقُونَ وَالَّذِينَ هُمْ بِآيَاتِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ﴾ [المؤمنین: ٥٧ – ٥٨ ].

واتە: ئەوانە لە ترسی خوادا لە ترسدان و باوەڕیشیان بە ئایات و بەڵگەکانی خوای گەورە هەیە .

ترس و ئومێد لە ڕاستیدا وەکو دوو باڵ پێویستن بۆ لاشەیەك، چونکە سروشتی مرۆڤ بە شێوەیەکە ئەگەر ترس یان ئومێدی شتێکی نەبێت ناچێتە ژێر ڕکێفی خواوە، بۆیە پێویستە ئیماندار لە کاتی خۆشی وئارامیدا ترسی بەسەر ئۆمیدی دا زاڵ بێت، وە لە کاتی تەنگانەو ناخۆشیدا ئومێدی بەسەر ترسیدا زاڵ بیت .

<u>٥- ئیماندار رقی لە برا ئیماندارەرەکەی نییە، بەڵکو داوای خێری بۆ دەکات:</u>

---

(٣) (الحلیة ٨/٨٨ ).

(٤) (أمراض القلوب وشفائها ابن تیمیة: ٨/٧).

خودای گەورە لەسەر زمانی ئیماندارێك دەفەرموێت:

﴿رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِمَنْ دَخَلَ بَيْتِيَ مُؤْمِنًا وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ﴾ [نوح: ٢٨] .

واتە: خودایە لە من ودایك وباوكم وهەر یەكێك لە ئیمانداران كە ئافرەت بێت یان پیاو كە هاتوەتەماڵەكەم لێی خۆش بە .

وە لەسەر زمانی كۆمەڵێ ئیماندار كە لە براكانیان دوا كەوتن دەفەرمێت:

﴿رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾ [الحشر: ١٠].

واتە: پەروەردگارمان لێمان خۆش بە، وە لەو برایانەشمان كە لە پێش ئێمەوە ئیمانیان هێناوە، وەهیچ كینەیەك لە دڵماندا مەهێڵە بەرامبەر بەو كەسانەی كە باوەڕیان بە تۆ هێناوە، خوایە هەر تۆ خاوەنی بەزەیی و میهرەبانیت .

بەو شێوەیە خودای گەورە داوای كردوە كە دڵی ئیماندار بەرامبەر برا ئیماندارەكەی پاك بێت و ڕقی لێهەڵنەگرێ بەڵكو تكای خێری بۆ بكات بە پەنهایی، وە ئیماندار بۆ براكەی خێری پێخۆشە وەك چۆن بۆ خۆی پێیی خۆشە .

**٦ – ئیماندار یارمەتی ئیماندار دەدات و خۆشی دەوێت وەدژایەتی بێ باوەڕان دەكات:**

خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ﴾ [التوبة: ٧١] .

واتە: ئیمانداران لە پیاوان و ئافرەتان هەندێكیان خۆشەویست و یارمەتی دەری هەندێكی تریانن .

هەروەها دەفەرموێت:

﴿لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآَخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آَبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ﴾ [المجادلة: ٢٢].

واتە: تۆ نابینیت كە قەومێك ئیمانیان بە خواو ڕۆژی دوای هەبێت یارمەتی كەسانێك بدەن كە دژایەتی خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ دەكەن، هەرچەندە ئەگەر باوكیان یان كوڕیان یان برایان یان كەس و كاریان بن ئائەوانە ئیمان لە دڵیاندا نوسراوە .

ئەوە ئەو ئیماندارەیە كە خودای گەورە ئیمانی لە دڵدا جێگیر كردوە وەبەرچاو

ڕۆشـــنی کـــردوە و ڕێنمـــونی دەکـــات، بەردەوامە لە ڕێـی ڕاسـت، یارمـەتی هـەر کەسێك دەدات کەئیماندار بێت وەدژایەتی هـەر کەسـێك دەکـات کـە پێـچەوانەی فـــەرمانی خـــواو پێغەمبەرەکەیـــەتی ﷺ ئەمە زۆر گرنگە ئیماندر پێـی بڕازێتـەوە، وە ببێتــە سـیفەتێك بـۆی، (ابـن جریـر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێـت) لـە تەفسیری ئایەتی: ﴿لَا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُـونَ الْكَـافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِـكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ﴾ [آل عمـران: ٢٨]. دەفــەرموێت: ( ئیمانـداران بـێ بـاوەڕان ناکەنە پشت و پەنا بۆ دژایەتی ئیمانداران و یارمەتیان نادەن بۆ دەرخستنی عـەیبی ئیمانـداران چـونکە هـەر یـەکێك وابکـات بەشی لای خودا نامێنێت بـەهۆی ئـەوەی پــشتی لــە خــوا کــردووە و چـۆتە نــاو کوفر)(٥).

٧ ــ ئیماندار خاوەنی هەیبەت و سامێکی گەورەیە:

خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنْتُمُ الْـأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران: ١٣٩].

واتە: خۆتان بـە کـەم مـەزانن و خەفـەت بــار مــەبن، ئێــوە ســەرکەوتون ئەگــەر ئیماندارن .

هەروەها دەفەرموێت:

﴿وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ﴾ [المنافقون: ٨] .

واتە: سەربەرزی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ و ئیماندرانە .

وەئیمانــدار خــاوەنی هەیبەتێکــە کــە خەڵکی لێی دەترسن، ئیمان کـار دەکاتـە ســەر خاوەنەکــەی وەخــەڵکی تــرس و شەرمیان هەیە لە ئەهلی ئیمان .

٨ – ئیماندار ئەگەر یادی خودا بکات دڵی ڕادەچەڵەکێ وەئەگەر ئایاتەکانی خوای بـە سـەردا بخوێنرێتـەوە ئیمـانی زیـاد دەکات:

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُـهُ زَادَتْهُـمْ إِيمَانًا﴾[الأنفال: ٢] .

---

(٥) (تفسير الطبري: ٦/٣١٣٠) .

واتـە: بەڕاستی ئەوانە ئیماندارن ئەگەر یادی خوا بکەن دڵیان ڕادەچەڵەکێ وەئەگەر ئایاتەکانی خوای بە سەردا بخوێنرێ ئیمانی زیاد دەکات .

هەروەها دەفەرموێت:

﴿إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا الَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِهَا خَرُّوا سُجَّدًا وَسَبَّحُوا بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ﴾ [السجدة: ١٥] .

واتـە: بەتەنها ئەو کەسانە باوەڕ بە بەڵگەکانمان دێنن کە کاتێك یادیان دەکەوێتەوە یان گوێیان لێ دەبێت قورئان دەخوێندرێ یەکسەر کڕنوش دەبەن و پاك و بێگەردی خوا دەکەن و سوپاسی دەکەن لەسەر نیعمەتەکانی، وە خۆیان بە گەورە ناگارن و لوت بەرز نابن. (بن القيم الجوزية ) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت﴾ کە باسی سودەکانی یادی خوا دەکات دەفەرموێت: ( یادی خوا لە دڵی خاوەنەکەی دا هەیبەتێك دروست دەکات کە ئەویش لە خوای گەورەی وەرگرتوە بەهۆی زۆر یاد کردنیەوە بەپێچەوانەی کەسێکی بێ ئاگا کە پەردەی ئەو هەیبەتەی زۆر تەنکە)(٦).

ئیماندار هەمیشە بە یاد کردنی خوای گەورە ئیمانی زیاد دەکات وە حاڵی پێشینانیش بەو جۆرە بوە، ئەوەتا موعازی کوڕی جەبەل i بە یەکێك لە هاوەڵەکانی دەفەرموێت: (با دانیشین سەعاتێك ئیمانمان تازە بکەینەوە)(٧) .

٩- ئیماندار تێدەکۆشێ بۆ سەرکەوتنی دینی خوا و ڕاست گۆیە لەو پەیمانەدا.

خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَالَّذِينَ آوَوْا وَنَصَرُوا أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا﴾ [الأنفال: ٧٤] .

واتـە: ئەو کەسانەی جێگای ئیماندارە کۆچ کەرەکانیان کردەوە و سەریان خستن بەڕاستی ئەوانە ئیمانداری ڕاستەقینەن.

هەروەها دەفەموێت:

﴿مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا﴾ [الأحزاب: ٢٣] .

(٦) (الوابل الصيب: ص٤٤).
(٧) (فتح الباری: ٦٣/١).

واتــه: لــەناو ئیمانداراندا کۆمەڵـە پیاوێـك هــەبوون بــە ڕاســتی ڕاســتگۆ بــوون لــە پەیمانەکەیانــدا لەگــەڵ پــەروەردگاردا، هەندێکیان شەهید بوون و هەندێکیشیان چاوەڕێی شەهید بوونن هیچ نەیگۆڕیون.

ڕاســتگۆ بریتییــە لــەوەی کــە لەســەر پەیمانێك بەردەوام بێت وجێگیر بێت هــەروەها خــوای گــەورە دەفــەرمویت: ﴿وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُـبُلَنَا﴾ [العنكبوت: ٦٩] .

واته: ئـەو کەسـانەی لـە پێنـاوی ئێمـە دا تێدەکۆشن ئێمە هیدایـەتیان دەدەیـن بۆ ڕێگای ڕاست .

ئەوەتا خوای گەورە ڕێنمونی و هیدایەتی بەسـتۆتەوە بــە تێکۆشــانەوە، کەواتــە بــەتواناترین کــەس لــە تێکۆشــاندا زیـاتر لــەوانی تــر هیدایــەت وەردەگرێــت، وە گەورەترین تێکۆشان بریتییە لە تێکۆشان بەرامبەر بە (نـەفس وئـارەزوو شـەیتان و خۆشەویستی دونیا.

کەواتە هـەر کەسێك تێکۆشـان بەرامبـەر بەم چوار شتە بکـات ئـەوا خـوای گـەورە ڕێنمونی دەکات بـۆ سـەر ڕێگـای خـۆی و ڕازی بوونی خۆی، وەهەر کەسێکیش تـێ نەکۆشێت ڕێنمونیش ناکرێت .

کەواتە ڕێنمونی بە پێی پلەی تێکۆشانە. لەم بارەیەوە (شێخ جونەیدی بەغدادی) دەفەرموێت: (ئەوانـەی جیهـادی ئـارەزوو نەفـسیان دەکـەن بەتەوبـە کـردن ئــەوا ڕێنمـونی دەکــرێن بــۆ (ئــیخلاص)، وە هەرگیز دوژمنێکی دەرەکی بەلەشی مرۆڤ زاڵ نابێـت ئەگــەر لــەجیهادی دەرونیــدا ســەرکەوتوو بێـت، وەبەپێـچەوانەوە هــەر کەســێ لەدەرونیــدا ســەرنەکەوێ ئــەوا بەرامبــەر دوژمنــی دەرەکــی زوو چــۆك دادەدات)[٨] .

١٠-ئیمانـدار لـەکاتی ناکۆکیـدا فـەرمان دەباتەوە بۆ لای خواو پێغەمبەری خـوا

ﷻ : خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُـوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْـتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْـآخِرِ ذَلِـكَ خَيْـرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ [النساء: ٥٩] .

---

(٨) (الفوائد:٥٩).

واتـە: ئـەی بـاوەڕداران گوێڕایـەڵی خـواو پێغەمبـەری خـوا ¢ وفـەرانڕەوایانتان بکەن، وە ئەگەر لەهـەر شتێکدا نـاکۆکی ڕووی تـێ کـردن ئـەوا بیگێڕنـەوە بـۆ لای خواو پێغەمبـەری خـوا ¢ ئەگـەر ئیـوە ئیمانتان هەیە بە خوای گـەورەو ڕشـۆژی دوایـی، ئەمـە باشـترین کـارو باشـترین گەڕانەوەیە .

هەروەها دەفەرمویت:

﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَ جًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ [النساء: ٦٥].

واتـە: سـوێند بـە پـەروەدگارت ئیمانیـان تەواو نیـیە هـەتاوەکو حـوکم بـە قورئـان نەکەن وبـە عەدالـەتی تـۆ ڕازی نـەبن کـە ناوبـژیان دەکـەیت لـە کـاتی ناکۆکیـداو پاشــان نابێــت لـــە نەفـــسیاندا هـــیچ ناخۆشییەك هەبێت بـەو بڕیـارەی کـە تـۆ داوتە، وەدەبێت بەتەواوی تەسلیم بن بەو حوکمەی کە تۆ داوتە.

(ابن القيم الجوزية ) (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێت) دەفەرموێت: (هەر کاتێك بەندەیـەك حوکمێکی درا بەسەرداو زانـی کەلەلایـەن پێغەمبەرەوەیـە ¢ پێـی تەسـلیم بـوو هەموو گومانـەکان لەدەرونیـدا ڕەویـەوەو زانی هیچ حوکمێکی تر لەوە باشتر نـیـیە خوشـی و بەختـەوەری ئیمـان دەچـێژێت لەوکاتەدا.

**وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين**

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**